# هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^، لە ڕۆژێکدا سەد جار

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^، لە ڕۆژێکدا سەد جار، بۆ ئەو (هێندەی پاداشتی) ڕزگارکردنی دە بەندەیە، وسەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، وسەد خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە، ودەبێتە هۆی پارێزگاری بۆی لە شەیتان لەو ڕۆژەدا هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت، وهیچ یەکێك (کردەوەی) چاکتری لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر یەکێك زیاتر لە ئەو ئەوەی وتبێت (کردبێت)». ^(هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ:هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق)؛ وهیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە، (إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ:جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە)؛ لە خودایەتیدا -پەرستراوێتیدا- وپەروەردگارێتی وناو وسیفەتەکانیدا، (لَهُ المُلْكُ:وهەموو شتێک موڵکی ئەوە)؛ وئەو ڕکێف بە هەموو خوڵقێنراوەکان دەکات وبەڕێوەیان دەبات، (وَلَهُ الحَمْدُ:وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە)؛ حەمد وسوپاس بۆ ئەو لەسەر هەموو شتێك کە دەیخوڵقێنێت ولە قەدەردا دەینووسێت وبڕیاری لەسەر دەدات، (وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ:وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره)؛ کەس ناتوانێت ڕێگری لێبکات وبەرگری بکات لەسەر بڕیار ودەسەڵاتی، وئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نایەتە دی وڕوونادات. هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا سەد جار ئەم زیکرە دووبارە بکاتەوە وبیڵێت، هێندەی پاداشتی ڕزگارکردنی دە بەندەی بۆ دەنووسرێت، وسەد چاکە وپلەی بۆ دەنووسرێت لە بەهەشتدا، وسەد خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە ولە گەردنی لادەدرێت، ودەبێتە هۆی پارێزگاری وبەرگری وقەڵا بۆی لە شەیتان لەوەی هەڵیبخەڵەتێنێت و بەسەریدا زاڵ بێت لەو ڕۆژەدا هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت بە ڕۆژئاوابوون، ولە ڕۆژی قیامەتدا هیچ یەکێك کردەوەی چاکتری لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر یەکێك زیاتر لە ئەوەی وتبێت (کردبێت).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65905

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee